# سەربەستی ژیان    ئەحمەد دەشتی

ژیان هەمیشـــە بـوونی  زانســــــتە
کێ کەزانا بوو ژینی لە مســـــــتە
دەبـــــێ کە مــرۆ زۆرچـاک  تێ بگا
کە زانســت بۆ مرۆ  ســـەردەخا ڕێگا
گەر زانـــا  نەبـــووی بەلایە  ژیـــان
ویــــرانە  هەموو  ئـاوازی  جیهــان
نەزان گێرودەی  دەســـــــتی نەیارە
دەکرێ و دەفرۆشـــرێ نەزان بێچارە
لە ڕۆژگـــارانێ  لە  رابوردووی  زوو
دەژیــــان کۆمـەلێ زۆر بە  ئارەزوو
لەناو دێیەکی خنجێلەو زۆر جـــوان
ســـەرتاپای هەموو گولی  ئەرخەوان
لەو دێیە  هەموو  ئــازاد  و خـەنـدان
ســـاڵەهای سـاڵ بوو ژیانیان شادان
خاکیان پڕ پیت و هەردەم هاتـیان بوو
خـــۆ کـــوژی و درۆ لە نـاویـان نەبوو
ئەو دێیـــە جـــوانەو ئەو نیشـــتمانە
وەک بەهەشـــت  وابوو ئەو گولستانە
پڕ وێنەی جوانی وپرچیای سەرکەش
لێی بوو مەردانیدەرون زۆر بێ غەش
ئەو گونـدە  هەموو  پێکەوە  شادبوون
دڵسۆز و پاک و هەمـوو بۆ یەک بوون
دۆست و  هەڤال و برای یەکتر  بوون
بۆیە دوژمـــنان بێ زەفـــەر  مابوون
هاوکارو پاک و ڕاست بوون هەمویان
جوتیار وکاسب ســــــەربەرز دەژیان
بۆیەک پەرۆش و چاکیان  مەرام  بوو

www.kurdistannet.org

سەربەرزیوشادی خاکیان هیـوا  بوو
دوژمن زەفــــــەری نەدەبرد پێـیان
چونکە یەکگر بوون بۆ بەرزی ڕێـیان
هـەتا ئەوڕۆژەی دوژمنی  چــــەپەڵ
کڕی  یەک دوکەس نامـەردو دەغەل
ئــەوان کەخەلکی هەمانە دێ  بوون
زۆرچاکشارەزای گوندیخۆیان بوون
دەستیاننایەدەسـت نەیاری تەرەس
نەزان بوون بوونە کرمی داری کەس
چیدوژمن ویستی  ئەوان وایان کرد
گشت ڕازی خۆیان بۆ دوژمــنان برد
بۆ گوندیــان هێــــنا گرفت و  ئازار
زۆر نامەردانە بوونە هـــــۆرەی دار
بۆ سەرکەوتنی  نەیــــاری  خۆیان
نیــفاقیان چــاند لە گوندی خۆیان
هەتا توانیـــــــان خەراپەیان کرد
بۆ کوشتنی خۆیی دەستیان درێژکرد
گوندیان تێک بەردا و بــوونە ئاژاوە
دڵســـۆزیان دەکوشت ماوە بە ماوە
تا بۆیان لوا خۆییـــان بە کوشت دا
لە گەل نەیاران گوندیان تێک بەردا
هەستی لاوان و زۆریان شوشــتەوە
زۆریان بۆ لواو خەمــــیان هێشتەوە
تا ڕۆژێ پێرێ  زۆر بە ســـــالا چوو
گوتی خەلکینۆ تا  وابێ ژیــن  چــوو
زۆر  نەهــــامەتی و گـریان و  ئازار
هــــۆکار خۆییە وا  لە نـاو هـــــەوار
دەستی نەزان و خائین  یەکگرتوون
بۆیەکە ئەمڕۆ دوژمـــــنان هاتوون

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

وەرن پێـــو بێــژم کە بــۆچی ئاوا
ژیانــمان نەماو وا بـــووین بێ نەوا
دەســتی خییانەت و نەزان  سەرمایە
بۆیە ژێر دەست وڕەنجمان هەرمایە
خائین و نەزان دەست لەناو دەستن
بۆ دوژمنانمان ئەوان دار دەســـتن
گوندیان ویران و وا شـــــێواندووە
دوژمنیان هێنا و شـــــادیان بردووە
تا دەستی خۆیی لە گەل دوژمن بێ
ئێمە ژینمان قــــــەت چاتر نابێ
وەرن ڕاپەڕین  خــەلکینۆ گشــتمان
لەبن ڕا ببڕین دەســـتی  ناکەسمان
نەیەلین تەرەس جێگـــەی ببتەوە
کلکی بیـــور  بێ و لەتمان کاتەوە
کوێخواکەی گوندو فـلان و فیسـار
پەســـت و خائینن و دژن بە هـەوار
ئەوان سـیخوری بۆ دوژمن دەکەن
لە ناویان نەبەین خــــراپتر دەکەن
دەســــتی دوژمنیان هێناوتە ناومان
بۆیەکە زیللەت هاتۆتە ســــەرمان
ئەوســــــا زانــیان کەوا بۆ  نەیار
دەســــــتیان درێژە وا دژ بە هەوار
دڵسۆزان وێکڕان پەیمانیان بەست
کە لە ناو بەرن دوژمنی وا پەســت
خائینیان هەمووەدەست نیشانکردن
هــەزاران تف و  نەفرینـیان کردن
هاتن پێکەوە داریــــان بڵنـــد کرد
خائین و دزو هـاریان پێــــوە کرد
لە گـــــۆڕەپانی ئەو گـــوندە جوانە

www.kurdistannet.org

له داریـــــان دان ئەو خائیـــــنانه
گوتـــــیان کێ که وا خـیانەت کاره
دەبێ لەنـاوچن دوژمن بـــەم واره
هەموو پێکەوە هـــاواریان یەک بوو
له ناو بردنی دوژمنیان هەســت بوو
خەلک که زانا و داناو هوشـیار بێ
دوژمن و خــــائین ڕێگـەیان نابێ
که وار خـــــــاپوورو وێرانه بکـەن
شـــادی و ئازادی خەلک تێک بدەن
گوتـــــیان هەرکەسێ خیانەت کاره
نایەلین بژی ئەو لەم هـــــــەواره
لەو رۆژه ئیتـــــر خــــائنان نەمان
دوژمن تێک شکاو گشت لەناو بران
هەتا ئەمـرۆکەش خەلکی ئەو دێیه
ســـــەربەست و ڕزگار شادیان پێیه
چونکه یەکگرو هەمـــوو زانـــا بوون
دوژمنیان شکاو هەرسەرکەوتو بوون
نەیـــار نەیتـــــــــوانی چیتر بێتەوه
خۆ کــــوژی بۆ گـــوند بگێڕێتەوه
گوندیانسەربەخۆو بەرەو پیشوەبرد
خۆیان و خاکیان گشت ئاسودەکرد
هـــــۆش و زانایی و زانست و ئەقڵ
بوو به هاتنی بەهـــــــاری پـڕ گوڵ
که دەسـتی پیس و خائیـــنیان بڕی
ئیتر ســـــــــردودی ڕزگاریان چڕی
هەمویان شاد و سەربەست پێکەوه
ئالآیان هــــەلداو شـــــادی هاتەوه
وەدەستیان هێنا سـەربەخۆیی بوون
ئەوسا ملیان نا بەرەو پێشوەچـوون

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

**دەنگیان دایەوە لەنـــــــاو جیهاندا**
**نەیاریان چــاڵ کرد لە ناو خەرەندا**
**تەکنیک وزانست هەرپێشی خستن**
**لە ناو جیهان دا ناوی دەر خســتن**
*****

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org